# بۆچی دەبێت ئافرەت  کار بکات..!؟

ئەمە ناونیشانی بابەتی ئەو سیمینارە بوو کە رۆژی ٢٠٠٧/٤/٣ لە کامپی کاوەی ئاوارەکان – هەولێر بەڕێوەچوو. ئەم بابەتە لە لایەن پەخشان خەلیل کاکەوەیس چالاک لە بواری ئافرەتان، خرایە بەر باس و گفتوگۆ.



سیمینارەکە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتبوو:
بۆ دەبێت ئافرەت کاربکات، ئەو گرفتانەی بەرەو رووی ئافرەت دەبنەوە لە ئەنجامی کارکردن، تەوەری سێیەمیش پێشنیارەکان.

ئەم دەقەی خوارەوەش بابەتی گفتوگۆبوو.

ئێمەی ئافرەت ئەگەر رۆشنبیر و خوێندەواربین یان نەخوێندەوار، ئەگەر خاوەن بڕوانامە بین یان نا، هیچ هەوڵ و تەقەلایەک نامێنیت نەیدەین لە پێناو چوونە دەر لە ناو ئەو چواردیوارەی پێی دەڵێن ماڵ  ئەمەش بە پلەی بەکەم لە پێناو چەسپاندنی کەسایەتی و تواناکانی خۆمانە و بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنین کە دەکرێت هاوشانی پیاو بین و هەمان ئەو کارانە ئەنجام بدەین کە پیاو ئەنجامی دەدات و بە هەمان شێوە و لەوانەیە چاکتریش. ئافرەت دەیەوێت وەکو مرۆڤ بژیت و بوونی خۆی بسەلمێنێت و بەشداری لە بەرێوەبردنی کارو باری کۆمەڵ بکات و دەسکەوتیشی هەبێت.

بۆ ئەوەی ئافرەت کار بکات یان بەشداری لە هەر چالاکییەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بکات پێویستە ماڵ بەجێبهێڵێت و یەکەم گرفتی لێرە کە دێتە پێشەوە، منداڵە (بە تایبەت بۆ دایکان) کە بە ناچاری بە یەکێکی دی دەیسپێرێت کە لەوانەیە نزیکی خۆی بێت یان بەکرێی گرتبێت یان دەیبا ت بۆ دایەنگا. لە هەر سێ حاڵەت دایک هەردەم نائارامەو و بیر و هۆشی لای منداڵەکانیەتی . دایەنگایە گرفتی زۆری هەیە، یەک لەوانە دایەنگاکان ئەو منداڵانە ناگرنە خۆ کە هێشتا شیرەخۆرەن ، کەواتە ئەو منداڵە لە پاش یان پێش کاتی باخچەی ساوایان یان قوتابخانە کەس

نییە بیگرێتە خۆی. جگە لەمەش دەوامی دایەنگاکان تا کاتژمێر یەکە، لەوە بەدوا دەبێت دایک و باوک منداڵکە ببەنەوە، ئەی باشە ئەو ژن و پیاوەی تا ئێوارەیەکی درەنگ کاردەکەن چۆن؟

**سک پڕی و منداڵ بوون** :هەرچەندە ئەم مەسەلەیە کردارێکی بایۆلۆجییە و پەیوەندی بە بەردەوامیی ژیانەوەیە، بەڵام لە لایەن حکومەتەوە ئەوەندە رێزی لێ نەگیراوە. لە پێناو باشتر بەخێوکردنی منداڵ، خێزان پێویستی بە کاتی زیاتر و داهاتی زیاترە، بۆیە نەک بە تەنها دایک بەڵکو باوکیش پێویستە لە و پرۆسەیە بەشدار بێت. بەڵگەیەکی تریش بۆ لاوازیی رۆڵی حکومەت لە بەخێو کردنی منداڵ ئەو برە پارە کەمەیە  کە لە مووچەی فەرمانبەر بۆ منداڵ تەرخان کراوە .

**بەشداری کردنی ئافرەت لە کاری سیاسی:** لەم بوارە ئافرەت رووبەرووی هەمان ئەو گرفتانەی سەرەوە دەبێت جگە لەوەی تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دەبێت کە زۆربەیان بۆماوەی بەعسە و وای کردووە خەڵکی واتێبگات، هەر ئافرەتێک لە دام و دەزگا حزبییەکان کاربکات بێ رەوشتە، بۆیە دەگمەنن ئەو کەسانەی بە رێزەوە بڕواننە کادرێکی حزبی ئافرەت چونکە ئەو دەزگایەش وەکو هەموو دەزگاکانی دی تەنها بە موڵکی پیاو دەزانرێت.

**کاری رۆشنبیری و هونەری:** لە کۆمەڵگاکەمان کارکردنی ئافرەت لەم بوارە هەر یەکجار بڤەیە. ئەو تێڕوانینە چەوتەی کە نەک تەنها لە کۆمەڵگای ئێمە بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان بەرامبەر بە کاری رۆشنبیری و هونەری هەیە،  نەیهێشتووە بەهاو گرینگی ئەو لایەنە و کاریگەری لە رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەدەربکەوێت. کۆمەڵ بە گشتی و تەنانەت ژنان خۆشیان زۆر جار دەرک بەوە ناکەن کە بەشداری ئافرەت نەک تەنها لەم بوارە بەڵکو لە سەرجەم بوارەکانی تری ژیان چەند گرینگە بۆ پێشخستنی کۆمەڵ و بەخشینی سیمای شارستانیەت و مەدەنییەت بە میللەتان.



پێشنیارەکان:

- بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێت داهێنان بکات و لە کاتی کارکردن بە هۆی گرفتی منداڵەکانییەوە بیر و هۆشی پەرتەوازە نەبێت، پێویستە لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت دایەنگا هەبێت و کارمەندی باشی لێ دابمەزرێت و باشترە دەرچووی بەشەکانی دەروونناسی بن و خواردن و خواردنەوەی چاکی بۆ دابین بکرێت و تەمەنی منداڵ دیاری کراو نەبێت
- گۆرانکاری لە یاساکانی تایبەت بە سک پڕی و منداڵ بوون، پێویستە ئەو مۆڵەتە بە لایەنی کەم تا دوو ساڵ بێت و بە مووچەی تەواوە بێت، چونکە خێزان ئەو کاتە لە هەموو کات

زیاتر پێویستی بەو مووچەیە و هەر داهاتێکی دی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانی دایک و منداڵەکە، ئاشکراشە منداڵ تا تەمەنی دوو ساڵ بە لای کەم پێویستی بە چاودێری دایک یان باوکە یان هەردووکیانە. ئەرکی حکومەت ئەوەیە لە بەخێوکردنی منداڵدا هاوکاربێت، باوکیش بە پێی پێویست مافی مۆڵەتی هەبێت تاوەکو منداڵەکە بە یەکسانی چێژ لە سۆزی دایکایەتی و باوکایەتی وەربگرێت، جگە لەوەی بەخێوکردنی منداڵ ئەرکێکی هاوبەشی دایک و باوکە.

- ڕەخساندنی هەلی یەکسانی خوێندن و کارکردن بۆ ئافرەت و پیاو بۆ ئەوەی جێدەستی ئافرەتیش لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا دیاربێت، ئەمەش بە دامەزراندنی لە سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت. لەم ساڵانەی دواییش ئافرەت ئەوەی سەلماندووە کە دەتوانێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کارامە بێت و خۆی لە زۆربەی ئەو بوارانە داوە کە تەنها بە موڵکی پیاو دەزانرا وەکو وەزارەتی ناوخۆ(پۆلیس) وەزارەتی پێشمەرگە (هێزی پێشمەرگەی ژنان) وەزارەتی داد (دادوەر).
- کردنەوەی بەشی ناوخۆیی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و باخچەی ساوایان. ئەمە هەنگاوێکی زۆر بەسوود و گرنگە بۆ ئەو دایک و باوکانەی درەنگ لە کار دەگەڕێنەوە و گرفتی سەرەکییان منداڵەکانیانە، بە تایبەت ئەگەر ئەوەمان لە بیر بێت دەوامی زۆربەی قوتابخانەکان لە (12.30 بۆ 4.30 یان لە 8 بۆ 12 )یە.
- هەڵمەتی ووشیارکردنەوەی کۆمەڵ بۆ بایەخدان بە مەسەلەی کارکردنی ئافرەت بە شێوەیەک کە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ بەرپرسیابن لەو مەسەلەیە و داکۆکی لێبکەن.
- کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەوانەی سەرەوە بە تەنها نە بە ئافرەت نە بە پیاو جێبەجێ نابێت، بەڵکو پێویستی بە کاری هەمەلایەنەیە، چونکە گۆرانی کۆمەڵایەتی زۆر لە سەرخۆ دەروات و بە شەوو رۆژێک نایەتەدی، ئەمە ئەرکی سەرجەم کۆمەڵە و پێویستە حکومەت لە خۆیەوە دەست پێبکات بۆ ئەوەی خەڵکیش بەو ڕێ و شوێنەدا بروات، ئەرکی ڕۆشنبیران و ڕوناکبیرانە کە لەناو خەڵکی ببنە نموونە، هەربەو شێوەیە گۆڕان بەرپا دەبێت و کۆمەڵیش بەرەو مەدەنییەت دەچێت.

**لە کۆتایی** سیمینارەکە ئامادەبووانی سیمینار راو سەرنجی خۆیان خستە روو.